# خانمان لە ساڵی رابردوو تاچەند کاریان بۆ باشترکردنی رەوشی مافەکانی ئافرەت و نەهێشتنی توندوتیژی کردووە؟



**ڕەوشی مافەکانی ئافرەت و نەهێشتنی توندوتیژیی خێزانی پرۆسەیەکی گشتگیرە و سەرلەبەری وڵاتانی جیهان (بە ڕێژەی جیاواز) گیرۆدەی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییەن و ئافرەتانیش دەسەوەستان نەبوون و بەردەوام بۆ دەستەبەری مافەکانیان خەباتیان کردووە، لە هەرێمی کوردستانیش وەرچەرخانێکی بەرچاو لە خەباتی مەدەنی و بەشداریی بەرچاوی خانمان لە بواری سیاسەت و کەرتەکانی گشتی و ڕێکخراوەکانی ناحکومیدا بەدی دەکرێت، بەڵام ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان و پێشێلکردنی مافەکانیان، لە ئاستێکی وادایە کە چالاکانی بواری مافی ئافرەت بە نیگەرانییەوە لێی دەڕوانن، ساڵانەش لەو بوارەدا چالاکیی جۆراوجۆریان هەیە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە: خانمان لە ساڵی ڕابردوو تاچەند کاریان بۆ باشترکردنی ڕەوشی مافەکانی ئافرەت و نەهێشتنی توندوتیژی کردووە؟**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا کاڵێ فەقێ وسو ئەندامی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، ئاماژە بەوە دەکات کە «دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، کێشەیەکی بەرفراوانی جیهانییە و پێویستی بە شۆڕشێکی سپی و جیهانی و هەمەلایەنە هەیە. نەهێشتنی توندوتیژی پێویستی بە فۆرمێکی نەرمی کۆمەڵایەتی هەیە و بێگومان دەبێ تواناکانی بۆ بخرێتە گەڕ. توندوتیژی دژی ژنان ساڵەهای ساڵە وەکو ئازارێکی قووڵ بە جەستەی کۆمەڵگەوە دیارە. پێش هەوڵەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەتایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توندوتیژی و ئازاردانی ئافرەتان بە بیانوو و پاساوی جۆراوجۆر وەکو پرسێکی ڕوالەتی لێهاتبوو، بەڵام دوای هەوڵ و کۆششەکان و بەدواداچوونەکان و دەرکردنی کۆمەڵێك ڕێنمایی و یاسا و ڕێسا ئەو دیاردەیە بەرەو لاوازی دەچێت.» گوتیشی: «لەبەر ئەوەی ژنان زیاتر ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجە بوونەتەوە و دەبن، لە قووڵیی برین و زامەکانیشیان باشتر تێگەیشتوون. کۆمەڵێك خانم لەژێر ناو و سێبەری جۆراوجۆری ڕێکخراوەکان، یان گرووپەکانی فشار دروست بوون کە بەردەوام هەوڵ دەدەن ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکەن و ڕێگری لە توندوتیژی بگرن. هەرچەند ڕۆڵ و کاریگەری و تێکۆشانەکانی خانمان بۆ ئەو مەبەستە بەشێوەیەکی گشتی جێی تەقدیر و دەستخۆشییە، بەڵام لە ئاست چاوەڕوانی و تمووحەکانیش نییە، بۆیە هێشتا کار و بەرنامە و هەوڵی زۆر ماون کە دەبێ کاریان بۆ بکرێت.»

کاڵێ فەقێ وسو، بەشێوەیەکی گشتی و لە زۆر بوار و وێستگەکانی ژیاندا ساڵی ٢٠١٧ بە ساڵێکی پڕ کێشە و ئازاری کۆمەڵایەتی و سیاسی ناو دەبات و ڕایوایە کێشە گەورەکانی وڵات فاکتەرێکیش دەبن بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «بە هۆی قەیرانی ئابووری و سیاسی و ناکۆکیی ناوخۆیی ساڵی ڕابردوو کارێکی ئەوتۆ بۆ نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی نەکراوە.»

چالاکی مەدەنی گوڵاڵە پشدەری سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە دڵنیاییەوە لەسەر پرسی توندوتیژی لە کوردستان کار زۆر کراوە، هەم لە لایەن حکومەت و هەم لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لە ساڵی ڕابردووش (٢٠١٧)دا بۆ کەمکردنە و پێشگیریکردن لە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان کار کراوە، بەڵام باشتر وایە بپرسین چی باشە بکرێ؟» هەر لە وەڵامی پرسیارەکەی خۆیدا دەڵێت: «بۆ ئەوەی باشتر پێشگیری بکرێت لەو ئاریشە کۆمەڵایەتییە، بە بڕوای من دەبێت هەڵمەتێکی مەیدانی و هەمەلایەنەی بۆ بکرێت و حکومەت سوود لە هێزی کارا و کاریگەری ناو کۆمەڵگەی خۆمان وەربگرێت، ئەڵبەتە کە ئەو کارەش بە بودجە دەکرێ و بێ تێچوون نابێ، هەمووانیش دەزانین بەداخەوە لە ئێستادا کوردستان بناغەی دارایی بە ئاستێک لاواز بووە، کە ناتوانی هەستێ بە

**هێشتا ڕەڕەوەی بەرەوپێش چوون بە تەواوی نەوەستاوە و ئاسۆیەکی ڕوون بەدی دەکرێت لە ئایندەدا ئەو دیاردانە بەرەو کەمبوونەوە بچن و هەوڵ و تەقەلاکان بۆ لە ناوچوون و بنبڕکردنی توندوتیژی کاردانەوەیان هەبێت**

**قەیرانە دارایی و ئابووریەکانی کوردستان کۆمەڵگەی کوردی ڕاپێچی گۆشەگیرکردن لە گەشە و نەشونما کرد و وای کرد پرۆسەی هاوسەنگی و خانە و جیانەتەکانی تەکانی بەرەو پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی تێک بشکێنێ و پێشگیری لە هزر و ئاوازی یەکسانیخوازی بکات**

**ساڵی پار بە هۆی قەیرانەکان کاری کەم کراوە و هیوادارم ساڵی نوێ ساڵی کارکردنی زیاتر بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی ژنان بێت**



ئەرکەکانی بە شێوەیەکی پوخت و پێویست. ئینجا نە تەنیا ئەو پەستانە کاریگەری لەسەر حکومەت کردووە بۆ سستبوونی کار و بەرنامەکانی، بەڵکو کاریگەری زۆریشی خستۆتە سەر خەڵك بەگشتی، خودی ئەو ئاریشەیەش مایەی بەرپابوونی زۆربەی توندوتیژییەکانە کە گوشار و پەستان دەخاتە سەریان. بۆیە حکومەت پێویستە ئەرکەکانی خۆی بە هەوڵی و هیمەتی زیاتر جێبەجێ بکات و سەبارەت بە رەوشی ژنانیش زۆر گرینگە بایەخی زیاتر بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزانەکان و یاسای باری کەسی بدات .هەروەها پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، مزگەوتەکان، پەروەردە و میدیاکان بە هەماهەنگیی تەواو هۆشیاری تایبەت بە پێگە و مافەکانی ئافرەت بڵاو بکەنەوە و لەسەر بابەتی گرنگی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی و رێز و بەخشین و وەرگرتن بە ئافرەت و لە ئافرەت. کاری جددیتر بکەن و پێویستە کار لە سەر هەردوو رەگەزیش بکرێ، هەتا ئەنجامێکی باشتر و دڵخوازتری هەبێت.» گوتیشی: «توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان پرسێکی نوێ نییە و لە دروست بوونی دنیاوە تا ئێستا هەبووە و هەیە، بەڵام لە ژینگەیەك تا ژینگەیەکی تر و جۆری سیستمی پەروەردە و ئاستی چۆنیەتی و کوالیتی هۆشیاری گشتی و هۆشیاری تایبەت لەسەر مافەکانی ژنان و یاسان جیاوازە و ئەو بابەتە لە کەسێکیشەوە تاکو کەسێکی دیکەش جیاوازە لە هەمان ژینگەدا. بۆیە دەبێت رێگری لە تەواوی حاڵەتەکانی جۆراوجۆری توندوتیژی بکرێت، وەکو: کوشتن، خۆکوشتن، خۆسووتاندن و سووتاندنی ئافرەتان توندوتیژی سێکسی، و زۆرێکیش لە چەمکەکانی تر کە ناخرێنەڕوو و کەم باسی لێوە دەکرێت، وەک توندوتیژی دەروونی کە لەدەرەوەی بابەتەکدا خەڵك تەنیا لێدان و سووتان و کوشتن بە توندوتیژی و تاوان دەزانن، لە حاڵێکدا توندوتیژی دەروونی بارێکی گرانە. ساڵی پار بە هۆی قەیرانەکان کاری کەم کراوە و هیوادارم ساڵی نوێ ساڵی کارکردنی زیاتر بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی ژنان بێت.»

مامۆستای زانکۆ دکتۆر حسێن ئیسماعیل خان دەڵۆ، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ئافرەتی کورد لە مێژووی دوور و نزیکدا بەدەست دابونەریتەکانی کۆمەڵگەوە نالاندوویەتی و رووبەڕووی جورەها توندوتیژی بووەتەوە، بەڵام لە دوای راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، بەهۆی دەرکەوتن و هاتنەپێشەوەیان لە تەواوی بوار و کایە کۆمەڵایەتی و رێکخراوەیی و رۆشنبیرییەکان و ...هتد، پێگەی باشتریان هەبووە، سەرباری ئەوەش بوونی هەندێك دامەزراوەی فەرمی و نافەرمی و شێڵتەر و شوێنی تایبەتمەند بۆ داڵدەدان و کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە رەگەزی مێینە، وای کردووە کە بەشێك لە تەلەیسمی ئەو کۆت و بەندانە تێك بشکێ، کە بۆ لە قاڵبدان و چەوساندنەوەیان ئامبازی ئافرەتانی کورد دەبوونەوە.» هەر لەو بابەوە زیاتر دەڵێت: «ئەگەر دیقەت بدەین، دەبینین بارودۆخ و رەوشی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا بە چەند قۆناغێکی هەستیار و ناسرووشتیدا تێپەڕیوە، چونکە هەرێمی کوردستان خۆی لە جۆرەها قەیران و ئاستەنگدا بینیوەتەوە، ئەمەش وای کردووە، نەتوانێ کارنامە و هەنگاوەکانی بۆ تەواوی بوارەکانی یەکسانی و چاکسازی و دادپەروەرییە کۆمەڵایەتیەکانی بهاوێژێت، هاوشێوەی ئەو پرەنسیپانەی کە خواستی رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بووە. لەلایەك شەڕی داعش کە هەڕەشەیەکی گەورە بوو بۆ تاریك کردن و کۆژانەوەی رووناکی لە کوردستان کە بەشێکی زۆری توانا مرۆیی و ئابوورییەکانی کوردستانی لووش کرد، هاوکات ئافرەتانی رووبەڕووی توندوتیژیەکی بێ وێنەی لە مێژووی ناوچەکەدا کردەوە کە تاکو چەند دەیەی دیکە کاریگەری و شوێنەواری لە هەناوی سایکۆلۆژی و دەروونی کۆمەڵگەی کوردیدا دەمێنێتەوە، بەتایبەت لە ناوچەی شنگاڵ و دەوروبەری، لە لایەکی دیکەوە قەیرانە دارایی و ئابووریەکانی کوردستان کۆمەڵگەی کوردی راپێچی گۆشەگیرکردن لە گەشە و نەشونما کرد و وای کرد پرۆسەی هاوسەنگی و خانە و جیانەتەکانی تەکانی بەرەو پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی تێك بشکێنێ و پێشگیری لە هزر و ئاوەزی یەکسانیخوازی بکات. لەگەڵ هەمموو ئەو لەمپەر و بەربەستانەش هەن، هێشتا رەرەوەی ئەو بەرەوپێش چوونە بە تەواوی نەوەستاوە و ئاسۆیەکی روون بەدی دەکرێت لە ئایندەدا ئەو دیاردانە بەرەو کەمبوونەوە بچن و هەوڵ و تەقەلاکانی بۆ لە ناوچوون و بنبڕکردنی توندوتیژی کاردانەوەیان هەبێت.»

**بۆ ئەوەی باشتر پێشگیری بکرێت لەو ئاریشە کۆمەڵایەتییە، بە بڕوای من دەبێت هەڵمەتێکی مەیدانی و هەمەلایەنەی بۆ بکرێت و حکومەت سوود لە هێزی کارا و کاریگەری ناو کۆمەڵگەی خۆمان وەربگرێت**

**بە هۆی قەیرانی ئابووری و سیاسی و ناکۆکیی ناوخۆیی ساڵی رابردوو کارێکی ئەوتۆ بۆ نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی نەکراوە**

**کۆمەڵێک خانم لە ژێر ناو و سێبەری جۆراوجۆری رێکخراوەکان، یان گرووپەکانی فشار دروست بوون کە بەردەوام هەوڵ دەدەن ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکەن و رێگری لە توندوتیژی بگرن**

# ئافرەتان بە گەشبینییەوە لە ساڵی نوێ دەڕوانن

له هەموو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا ئافرەتان کاراکتەرێکی سەرەکیی پرسە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانن، ئافرەتانی کوردیش لە مێژووی دووری کوردانەوە تا هەنووکە، ئەگەر رۆڵی کاریگەریشیان لە بنیادنانی هزری نەتەوەییدا نەگێڕابێ، بەڵام لە گشت قوناغەکانی خەباتی نەتەوەییدا پاڵپشتێکی بەهێزی خەبات و شۆڕشەکانی دژی داگیرکاری بوون و تەنانەت لە سەنگەرەکانی بەرەنگاری و شۆڕش و قوربانیدانەکاندا پشکی شێریان بەرکەوتووە. لە ئێستاشدا کە دەستپێکی ساڵی نوێی زایینییە، دەخوازن شکستەکانی رابردوو بکرێنە پەند و «یەکخستنی ناوماڵی کورد و یەکڕیزی و یەکدەنگی» بکەنە هەوێنی سەرکەوتن و تۆمارکردنی سەروەری و سەربەخۆیی کوردستان و هاوکات داوای خۆڕاگری و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی نەیارانی کوردستان دەکەن. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.



‹ساڵی پار لە لایەک بە ئەنجامدانی ریفراندۆم سەری کورد دای لە ئاسمانی سەربەخۆیی و لە لایەکی دیکەوە بە خەیانەتێکی گەورەی ناوخۆیی دیسان سەری کورد بێ کڵاو مایەوە.»

ئەوە قسەی «بارین دروودگەر» بوو. ئەو خاتوونە کوردێکی دوورەوڵاتی دانیشتووی سوید و چالاکێکی مەدەنی و هەڵسووڕێکی نەتەوەییە، کە ساڵی رابردوو (٢٠١٧) بە ساڵی سەرفرازی و هاوکات بە ساڵی شکستی گەورەی کورد دەزانێت و دەڵێت: «لە راستیدا ساڵی پار کەرکووك و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی کە بە (ناوچەی کێشە لەسەر) دەناسرێنەوە، بوونە مەیدانی ململانێ و شەڕی نارەوای بەرژەوەندییەکانی بەغدا و وڵاتانی داگیرکەری ناوچە بە ئەمریکاشەوە. ململانێیەك کە دەبووایە کورد بە نێوماڵێکی یەکگرتوو و وریایی تەواوەوە بچیتە نێوی و ئەو دەستکەوتانەی کە تەنیا لە دوو ساڵی رابردوودا هەزار و ٦٠٠ شەهید و بە هەزاران برینداری لەسەر دانابوو، بپارێزێت. بە واتایەکی دیکە لەو ململانێ و شەڕە بەرژەوەندییەی کە ساڵی پار لەسەر خاکی کورداندا کرا، هەموو کەس لەقەدەر خۆی دەستکەوت و سەرکەوتنی بەدەست هێنا و پشکی بەرکەوت، تەنیا کوردی هەژار و خۆخۆر نەبێت، کە بە هۆی تاکڕەویی هەندێك هەلپەرەست، دیسان خاك بەدەر کرا و دووبارە سەری کورد بێ کڵاو مایەوە. چونکە دیتمان کە وڵاتانی داگیرکەری کوردستانی گەورە سەرەڕای ئەو هەموو جیاوازی نەتەویی و مەزهەبی و فیکرییەیان، کاتێك کە هەستیان بە ئەگەری لەدایکبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییان کرد، بە گەلەکۆمەکی و بە دوو کۆبوونەوە لەژێر ناوی (رێککەوتن) و بە هەندێك دروشمی بریقەدار و هەڵخەڵەتێنەر، کە لە مێژووی کورددا بۆ جاری چەندەمە دووپات دەبنەوە، ئەو داوەیان دانا و کورد تێی کەوت و پێوە بوو، کە بەداخەوە ئەو دەرفەتەشمان لەدەست چوو. ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە کورد هەر وەك پرۆسەی ریفراندۆم سەلماندی، لە ناوچە کێشەلەسەرەکان خاوەنی پێگەی خۆیەتی و هێزی بەهێزی پێشمەرگەش، هەروەك لە شەڕی دژی کۆنەپەرستانی داعشدا نیشانی جیهانی دا، ئامادەی هەموو گیانفیدایییەك بوو لە پێناو گەل و نیشتمانەکەیدا. بەڵام مخابن ئەم جارەش دوژمنان و ناحەزانی گەلەکەمان توانییان درز بخەنە نێو ماڵی کورد و بەو شێوەیە سەرەتا لە کەرکووك و پاشان خورماتوو، رێگە بۆ هاتنی پاسداری ئێرانی و عێراقی بکەنەوە، ئەوەش بووە رێخۆشکەر تاکوو سەرتاسەری خاکی ناوچە کێشە لەسەرەکان کە بە خوێنی هەزاران شەهید ئازاد کرابوو، جارێکی دیکە بە ئاسانی و بە بێ بەرخۆدان و خۆڕاگری، بکەونەوە ژێر پۆتینی (پۆستاڵ) داگیرکەران.»

ئەو چالاکە نەتەوەیی و مەدەنییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «گەلەکەمان لە مێژووی خەباتی خوێناوی خۆیدا، زۆر هەوراز و نشێوی لەوە بەئازارتری بڕیوە و ئەم کەوتنەخوارانەم هەنگاوەکانی بەرەو لووتکەی سەرکەوتن، پێ شل ناکاتەوە، هاوکات دەڵێت: «کورد بە سەرلەنوێ رێکخستنەوەی نێوماڵی خۆی و دیپلۆماسییەکی بەهێز و رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تاکتیك و ستراتیژی و ئامانجەکانی خۆی، کە هەمان دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە لەسەر خاکی کۆردستان دادەڕێژێتەوە و بە پەندوەرگرتنی لەو ئەزموونە تاڵە، خەباتی خۆی قورس و قایمتر دەکات و بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێت.»

فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئۆفیسی ئەورووپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دەستدرێژییەکەی داعش و حکومەتی عێراق بۆ سەر کوردستان و دەربەدەربوونی خەڵك و بە تاڵان بردنی ماڵ و سامانیان و تەعریبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و فەرزکردنی هەیمەنەی مەزهەبی و تائیفی، دڕندەترین شێوەی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسییە کە کورد رووبەڕووی بووەتەوە، ئەوانە کوردی تووشی بارودۆخێکی سەخت و قورس کردووە، بۆ دەرچوون لەو دۆخە دژوارەش، ئەرکی سەرشانی هەر تاکێکە کە بەشدار و پشتیوان بێت لە هەڵگرتنی سووچێکی ئەم بارە قورسە بۆ بەدیهاتنی ئاواتەکان و بەرقەراربوونی ئاشتی و پێکەوەژیان لە کوردستانی خۆشەویست.»

فەزیلە شۆڕش رایوایە: «پێشێلکردنی دەستوور و سزای نابەجێ کە حکومەتی عێراق بە سەر کوردستانییاندا سەپاندوویەتی، وای کردووە ئافرەت پشکی شێری بەرکەوێت لەو نەهامەتییانە و شیرازەی خێزان و داهاتی خێزان تێک بچێت.» جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «ئافرەتی کورد بەهێز و بەتوانایە و بە خۆڕاگری و ئیرادەی پۆڵایینی توانیویەتی بە درێژایی مێژوو زاڵ بێت بە سەر کۆسپەکانی بەردەمی و برینەکانی خۆی ساریژ کردووە، هەر بە هەمان هێز و خۆڕاگری لەم نەهامەتییانەش دەرباز دەبێت. « گوتیشی: «وەك ئۆفیسی ئەورووپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، چالاکییەکانی بواری مافی ئافرەتمان بەردەوام دەبێت و پرۆژەی خۆمان بۆ ساڵی نوێ (٢٠١٨) هەیە، بەردەوامیش دەبین لە پشتیوانیمان بۆ تێپەڕاندنی ئەم کێشانەی تووشی کوردستانییان بووە. بێگومان واقیعی ئێستای کوردستان و رەوشی ئافرەت و خێزانی کوردستانییان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە لامان گرینگە و بە هەموو توانامانەوە هەوڵ دەدەین لە ئەمساڵدا پشتیوانییەکی جیهانی بۆ دەستەبەر بکەین.»

د. ئەشواق جاف ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران عێراق،

**پێویستە بزاڤێکی گەورە بۆ یەکڕیزی و تەبایی ناوخۆ رێکبخرێت، بۆ ئەوەی رۆشنبیری و هوشیاریی هەمەچەشن لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە دروست ببێت، هەتا بتوانین ئەمساڵ بکەینە ساڵی زاڵبوون بە سەر ئاریشەکاندا**

**ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان خوازیاری بەشداریی کارای هەموو تاکی کۆمەڵگەیە بە ژن و پیاو و پیر و گەنجەوە، چونکە تووشی عەقڵییەتێکی شۆڤێنی و مەزهەبگەرای ناوەند بووین، کە بە هەموو شێوەیەک دژایەتیمان دەکات**

**کۆمەڵگەی جیهانی سوورە لە سەر ئەوەی کە ئەو مەلەفانەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کێشەی لەسەرە، لە رێگەی گفتوگۆ و بە گەڕانەوە بۆ دەستووری عێراقی چارەسەر بکەن، بەڵام بەغدا خۆی لە گفتوگۆ و چارەسەر دەدزێتەوە**



سەرەتا خۆشحاڵیی خۆی بە هۆی سەرکەوتنی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم دەردەبڕێت و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کۆمەڵگەی جیهانی سوورە لە سەر ئەوەی کە ئەو مەلەفانەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کێشەی لەسەرە، لە رێگەی گفتوگۆ و بە گەڕانەوە بۆ دەستووری عێراقی چارەسەر بکەن، بەڵام بەغدا خۆی لە گفتوگۆ و چارەسەر دەدزێتەوە.» گوتیشی: «بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان کە حکومەتی ناوەند گفتوگۆت لەگەڵ نەکات، ئەوە دەبێتە دەستپێکی هەنگاوێکی خێرا بۆ جیابوونەوە، بەپێی دەستووری عێراق و یاسای نێودەوڵەتیش لە دیاریکردنی مافی چارەنووسمان ئازادین، بۆیە ئێمە نابێت لە هیچ هەڕەشەیکی بەغدا بترسین، ئەوان نایانەوێ بەپێی دەستوور و یاسا گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین، کات دەکوژن و تەنیا فشاری زیاتر دروست دەکەن، سیاسەتی جیهانیش ئەوە قبووڵ ناکات.»

سەراب دلاوەر، چالاکی مەدەنییەو خاوەن بڕوانامەی ماستەر لە پێوەندیی نێودەوڵەتی و لە دەستپێکی وتەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «یەکێك لە بنەما هەرە سەرەکییەکان بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی بەهێز، بوونی پێگەیەکی ئابووریی بەهێزە، بەبێ بەشداری ئافرەتیش لەم بوارەدا، ئەوا ئەم پێگەیە زۆر ناتەواو دەبێت، بەتایبەتی کاتێك کە دەوڵەت دەستدەکات بە بونیادنانی بازاڕێکی کارکردنی بەهێز لە کەرتی تایبەت، ئافرەتان دەتوانن رۆڵێکی بەرچاو و کارایان لەم بوارەدا هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سەربەخۆیی ئابووریی ئافرەت و بەوجۆرە دەبن بە خاوەن کار و تەنیا وەك کرێکار و فەرمانبەر نامێننەوە، ئەمانەش هەمووی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەتوانرێت بەدی بهێنرێت، لەبەر ئەوەی کاتێك دەوڵەت بووژانەوە لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی دەبێتە ئامانجی و پلانی بۆ دادەنێت، یان هانی بەرهەمهێنانی کالای خۆماڵی دەدات لە رێگای کردنەوەی چەند کارگەیەك لە بواری خواردەمەنی و کاری دەست و چنین و...هتد، هەروەها کاتێك پلان دادەڕێژێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، ئافرەت دەتوانێ لە هەموو ئەو بوارانەدا رۆڵی کاریگەری هەبێت، هەر لە بواری چاندن و دروێنەکردن تا بەخێوکردنی ئاژەڵ و بەرهەمهێنانی جیاواز، هەر بۆ نموونە ئێستا لە زۆربەی کۆگا و مۆڵەکانی کۆتال و جلوبەرگ، ئافرەت نەك هەر کڕیارە، بگرە کاری فرۆشیاری و خاوەنداریەتی لە ناوەندی فرۆشیاری دەکات، واتە ئافرەت توانیویەتی ببێت بە خاوەن کارو تەنیا وەك بەکاربەرێك نەبێت. هەروەها بوونی رێکخراوە ناحکوومییەکانی ئافرەتان رۆڵی بەرچاویان هەیە بۆ گۆڕین و دەرکردنی یاساکانی پەیوەندیدار بە رێکخستنی کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان بە شێوەیەك کە دەرفەتی زیاتر بە ئافرەت بدات بۆ بەشداریکردنیان لە پەرەپێدانی ئابووری و نەهێشتنی بەربەستەکان، هەروەها پێدانی قەرزی بچووك و مامناوەند بەبێ سوود لە هەندێ بواری کاری دیاریکراودا، رێگەخۆشکەر بووە لەبەردەم ئافرەتان تاوەکو لە رووی ئابوورییەوە زیاتر سەربەخۆ بن، ئەوانە هەموو رێگایەکن بۆ ئەوەی ئافرەت لە کەرتی گشتی و تایبەت لەچوارچێوەیەکی سنووردار بەرەو دنیایەکی فراوانتری کارکردن دەربچن.» گوتیشی: «ئەمساڵ پتر لە ساڵانی پێشوو دەبێت حکومەتی کوردستان بنەمای ئابوورییەکی ستراتیژی و گشت لایەنە بونیاد بنێت کە تەنیا پشت بە داهاتی نەوتی نەبەستێت، هاوکات پێویستە پشتیوانییەکی زیاتری جیهانی بۆ داکۆکی لە مافە نەتەوەییەکان و لانیکەم جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی دەستەبەر بکات.»

پسپۆڕی سوسیۆلۆژی د. زوبەیدا سەید ساڵح، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «کۆمەڵگە ناتوانێ بەسەر هیچ کێشەیەکدا زاڵ بێت، یان لە بوارێکدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ئەگەر رەگەزی مێ لە رووی هزری و فیزیکییەوە لەگەڵ پیاو هاوتەریب نەبێت.» گوتیشی: «ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان خوازیاری بەشداریی کارای هەموو تاکی کۆمەڵگەیە بە ژن و پیاو و پیر و گەنجەوە، چونکە تووشی عەقڵییەتێکی شۆڤێنی و مەزهەبگەرای ناوەند بووین، کە بە هەموو شێوەیەک دژایەتیمان دەکات، بۆیە پێویستە بزاڤێکی گەورە بۆ یەکڕیزی و تەبایی ناوخۆ رێکبخرێت، بۆ ئەوەی رۆشنبیری و هوشیاریی هەمەچەشن لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە دروست ببێت، هەتا بتوانین ئەمساڵ بکەینە ساڵی زاڵبوون بە سەر ئاریشەکاندا.

پێشمەرگە لەدژی دوژمنێکی دڕندەو داگیرکەر لەسەنگەردایەو گیان لەسەر دەست لەسەر خاکی کورد رایاندەماڵن. سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەو تێکشکاندنی تیرۆریستان و پابەندبوون بە بەهاکانی مرۆڤایەتی و بەچۆکدا نەهاتن لەبەرامبەر ستەم و ستەمکاریدا، ناوی پێشمەرگەی لەئاستی جیهانیدا خۆشەویست و رێزدار کردووە. راستە زۆربەی زۆری پێشمەرگەکانی کورد پیاون، بەڵام ژمارەی ئافرەتانی پێشمەرگەش کەم نییە کە جگە لەوەی بەشداری لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەکەن، هاوکات لە ماڵەوە پاراستنی ماڵ و منداڵیان لەئەستۆ گرتووە. لەسەرهەڵدانی مێژووی کوردیشەوە ئافرەتانی کورد سمبولی ئاشتی و ئارامی و ئازایەتی بوون و لە زیندان و سەنگەر و رێکخستنەکاندا ژنان کۆڵەکەیەکی خەبات و تێکۆشان بوون، هەموو ئەمانەش دەرخەری ئەو راستییەن کە ئافرەتانی کورد لە یەك بواردا پێشەنگ نین، بەڵکو لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا سەرمەشقن و تەنانەت لەبنبڕکردنی هزری داعشیشدا پشکی شێریان بەردەکەوی.

**واقیعی ئێستای کوردستان و رەوشی ئافرەت و خێزانی کوردستانییان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە لامان گرینگە و بە هەموو توانامانەوە هەوڵ دەدەین لە ئەمساڵدا پشتیوانییەکی جیهانی بۆ دەستەبەر بکەین**

**وەک ئۆفیسی ئەوروپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، چالاکییەکانی بواری مافی ئافرەتمان بەردەوام دەبێت و پرۆژەی خۆمان بۆ ساڵی نوێ (٢٠١٨) هەیە، بەردەوامیش دەبین لە پشتیوانیمان بۆ تێپەڕاندنی ئەم کێشانەی تووشی کوردستانییان بووە**

**ئافرەتی کورد بەهێز و بەتوانایە و بە خۆڕاگری و ئیرادەی پۆڵایینی توانیویەتی بە درێژایی مێژوو زاڵ بێت بە سەر کۆسپەکانی بەردەمی و برینەکانی خۆی سارێژ کردووە، هەر بە هەمان هێز و خۆڕاگری لەم نەهامەتییانەش دەرباز دەبێت**

